کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-8-2007 22:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڵە نەبووم کاتێ هاتم ... سەباح ساڵەیی**



دەستم گرت بە گومەزی مەمکەکانتەوە
لەم وڵاتەی مندا...
سوێ لە دووی سوێ
خەم لە دووی لە خەم
یەخەم دەگرێ... و
بۆتە تەم و بەری
ساماڵی لێ گرتووم
کە هێشتا دەریا بە شەپۆلەکانی
ئاشنا نەبووە
ئازارەکان کۆمەڵێ
یادگاری نێو ژووری دڵە بێ پەنجەرە و دەرگاکانن
خاڵی نەبوومەوە لە سۆز
لەم هەستە بێشومارانەم
بەرامبەرت
کەچی لەوپەڕی تەنیاییەوە
خۆم هەڵدەزنم بە تونکە فرمێسکەکان و
لە مەشرەبی رۆحیانەتی
لێوەکانتەوە
قومێ خۆشەویستی ئەخۆمەوە و
دەمی تامەزرۆ و وشکی
بێ تۆی پێ ئەشۆمەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.